**لە نێوان دەق و گوتاردا:**

زمانەوانەکان بۆ جیا کردنەوەی دەق و گوتار بۆچوونی جیاوازیان هەیە . د. محمد معروف لە نموونەیکدا هەوڵی داوە جیاوازییەک بکات لە نێوان ئەم دوو بابەتە . هەوڵ دەدەین ڕوونی بکەینەوە :

أ- قاپەکانت شوشت و ووشکت کردنەوە ؟

ب- قاپەکانم شووشت .

( أ وب ) دوو ڕستەن دەقێکیان پێکهێناوە ، بەڵام ئەو واتایەی کە تێیدا بەدیهاتووە لە دەقەکەدا نیە . ( أ ) ئەو واتایەی دەست دەکەوێ کە ( ب ) تەنها قاپەکانی شووشتوە ، بەڵام ووشکی نەکردۆتەوە . ئەوەی بەدیهاتووە لە ڕێگەی دەقەوە نیە بەڵکو لە ڕێگەی گوتارەوەیە چونکە دەقەکە لە دەوروبەرێکدا هاتووە .

لە گوتاردا کردە هاوبەشەکانی نێوان ( نێرەر ) و ( وەرگر) گرنگن هەر بۆیە گوتار لە چوارچێوەیەکدا دێت کە ( کات و شوێن و نیشانە پراگماتیکیەکان ) ئامادەن و ڕۆڵیان هەیە ، بەڵام ئەم مەرجە بۆ دەق پێویست نیە چونکە گوتار وێنا کردنی گشتیە . دەق بەرجەستەکردنی گوتراوە ، بەڵام گوتار بەرجەستە کردنی تێگەیشتنە .

بەم پێیە دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە بۆ نموونە دەقی ئایەتێکی قورئانی یان دەقی شیعرێک بریتییە لەو وشەو ڕستانەی کە لە دەقەکەدا هاتوون لەگەڵ واتاکانییان ، بەڵام گوتاری هەمان ئایەت یان شیعر بریتییە لەوەی کە ئەم یایەتە یان شیعرە چی لێ دەخوێنرێتەوە یان چی دەگەیەنێ ، یان چ پەیامێکی لە پشتە .

**پەیامی گوتراو و پەیامی نوسراو** : بەگشتی ئەم دوو جۆرە پەیامە جیاوازن لەیەکتری کە هەریەکێکیان چەند ئامرازیکیان بەدەستەوەیە وەک چەکێک بەکاری دەهێنن بۆ سەرکەوتنی پەیامەکە و پێکانی ئامانجەکانیان . بۆ نموونە پەیامی گوتراو ڕەنگ و روو و سیمای ڕوخسار و هێز و ئاواز و وەستانی درێژ و کورت و بەرزی ونزمی دەنگ ، هەموو هێما جوڵەییەکان و زمانی جەستە ، هەموو ئەمانە هاوکاری دەکەن بۆ گەیاندنی دەقی وتراو . بۆ نموونە دەقی ( بەڕێز هەموو کەس دەزانی تۆ پێشتر چ کاریکت دەکرد) ئەم دەقە ئەگەر بە دەنگێکی نەرم و نییان بگوترێ واتایەکی ئەرێنی هەیە ، بەڵام ئەگەر بە دەنگێکی گەورە و توڕەییەوە بگوترێ واتایەکی نەرێنی هەیە .

جگە لەمانەش کەسانی بەرامبەر و لایەنگر و بێ لایەنییان و هەروەها نۆرەبڕین و نۆرە گۆڕین و بەشداری کردنی بەرامبە و وەڵام و وەڵامکاری هەمویان کاریگەری خۆی دەبێت و هۆکارن بۆ گۆڕانی ڕووخسار و ناوەرۆکی دەقەکە لەڕووی چەندییەتی و چۆنییەتییەوە.

لەلایەکی ترەوە هەموو ئەو ئامرازو ئاسانکارییانەی کە لەبەردەستی دەق بێژ دان ئایا بە شێوەیەک لە شێوەکان لەبەردەستی دەقنوسیش دا هەن بۆ ئەوەی گوزارستیان لێ بکات . بۆ نموونە لە دەقی نوسراودا چۆن بتوانرێ گوزارش لە هێز و ئاواز و دەنگی نەرم و توڕەیی و ... هتد بکرێک . بۆ ئەم مەبەستە زمانەوانان کۆمەڵێک ئامراز و تەکنیکیان بەکارهێناوە . وەک نیشانەکانی خاڵبەندی کە ڕۆڵیکی گەورەیان بینیوە لەم بوارەدا ، ئەویش لەڕێگەی نوسینی بەشێک لە نوسینەکە بە خەتی لار و بەڕەنگی جیاواز ، هێڵ بەژێرداکێشانی هەندێکە وشەکان ، هەروەها بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی وەک نیشانەی سەرسوڕمان و پرسیار و خال و فاریزە و جوت خاڵ و ... هتد ، ئەمانە هەمووی کەرستەی یارمەتی دەرن بۆ بەئاسانی گەیاندنی مەبەست لە نوسیندا . کە ئەمەش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەهۆی بوونی تەکنەلۆژیاوە نوسەر زۆر بەئاسانی بەهۆی کلیکێک دەتوانی ئەنجامییان بدات . لە دەقی نوسراودا زیاتر گرنگی بە ناونیشان و زمانی نوسینەوەی دەقەکە دەدرێت ، کە ئەمە بۆ دەقی گوتراو زۆر گرنگ نییە . بەهۆی هەموو ئەمانە بۆنموونەڕستەیەکی وەک (باشە) دتوانرێ بەهۆی نیشانەکانی خاڵبەندییەوە گوزارشتی لێ بکرێ و مەبەستەکەی نیشان بدرێت وەک :

باشە؟ : پرسیار

باشە . : هەواڵگەیاند .

باشە ! : سەرسوڕمان .

بااااشە.! هەڕەشە .

بااااشە . بیزارکردن .

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جاری وا هەیە بابەتەکە ناگات و مەبەستەکە ناپێکی ، هەڵە تێگەیشتن دیتە ئاراوە .

دیارترین جیاوازی لە نێوان هەردوو زمانی نوسین(دەقی نوسراو) و ئاخاوتندا (دەقی وتراو) ئەوەیە کە زمانی نوسین درێژخایەنە و دەمێنێتەوە و چاپ دەکرێت وەک هەموو ئەو نوسراوانەی کە هەزارەها ساڵ پیش ئیستا نوسراون و ماونەتەوە . کەچی زمانی قسەکردن کاتییە و نامێنێ ، جگە لەو وتارانەی کە تۆمار دەکرێن . یەکێکی تر ئەوە یە لە

دەقی وتراودا ڕەچاوی بنەما ڕیزمانییەكان دەكرێت و بەپیی ڕێزمانی زمانەكە دەنوسرێت ، بەڵام لە قسەكردندا زۆر پابەند نییە بەم بنەمایانەوە . لەدەقی نوسراودا نوسەر دەتوانی بۆچوونی خۆی بگۆڕێت و نوسینەكە ڕەشبكاتەوە و بەجۆرێكی تر دایبڕیژێتەوە و سەرچاوە بەكاربهێنیت . بەڵام دەقی وتراو بەم شێوەیە نییە كە پێشكەش كرا ئیدی ناتوانێ دەسكاری بكەی چونكە قسە كە لە دەم هاتە دەرەوە تەواو . لەگەڵ ئەمەشدا كۆمەڵیك دەربرێنی وەک . ( ئێ ، ئم ، ئا ، ... هتد ) لە ئاخاوتندا بەكاردێن .